www.kurdistannet.org
22-2-2007 23:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەرێ وەزارەتی تەندروستی چۆن وا دەبێت ... حیکمەت مەعروف

hmks7@yahoo. com



لە وڵاتێکدا کەمترین ژمارەی خاوەن بڕوانامەی باش لەبواری تەندروستیدا هەبێت، لە وڵاتێکدا کەمترین خزمەتگوزاری تەندروستی هەبێت، لە وڵاتێکدا ژمارەی نەخۆشەکانی چەند هەزارێك بێت بۆ هەر پزیشکێك! چۆن دەبێت وەزارەتی تەندروستی بەم شێوەیە سست و کاروبارەکانی لەسەر پشتی کیسەڵێکی پیر بەڕێوە بچێت؟ لە هەر شوێنێکی دنیا بنواڕیت بواری تەندروستی پشکی شێری هەیە و وەزارەتی تەندروستی چالاکترین وەزارەتێتی، کەچی لەم هەرێمە سێ پارێزگاییەی ئێمەدا وەزارەتی تەندروستی هەزار کەلێن و درزی تێدایە. لە کام وڵاتی دنیا، گەنجێك بە نمرەیەکی باشەوە لە یەکێك لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ئەوروپا زەمالەی وەرگرتبێت و گەرەکی بێت بە ئاستێکی بەرز بڕوانامەیەك لەو زانکۆیە وەرگرێت، کەچی وەزارەتی تەندروستی وڵاتەکەی خۆی، سست و بێخەم بێت لە جێبەجێکردنی کاروبارەکانی ئەو خوێندکارە؟! زیادەڕووی نییە، گەر بڵێم لە رواندا و سومالێش وا نییە. تێناگەم ئێمە بۆ هێندە بێ خەمین! تێناگەم وەزارەتی تەندروستی هەرێم بۆ هێندە سست و داتەپیوە!

ساڵی پار چەند لاوێکی بە توانای شاری سلێمانی و ناوچەی پشدەر، بە هەوڵی خۆیان و بە بەرزی نمرەکانیان، توانیان زەمالەی خوێندنی ماستەر لە زانکۆکانی ئەڵمانیا بە دەست بهێنن. لە هەموو کاروبارەکانی ئەو وەرگرتنە و کێشە زۆرەکانی، وەزارەتی تەندروستی تەنها ئەوەی لە دەست هات مۆڵەتی یەك ساڵ بداتە ئەو خوێندکارانە، تەنها یەك ساڵ. ئێستا زانکۆکانیان داوای مۆڵەتی ساڵی دووەم لەو خوێندکارانە دەکەن، کە هەر یەکێکیان لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی کوردستاندا کارمەندی تەندروستین و بێ ئەو مۆڵەتە کێشەی زۆریان دەبێت لەگەڵ زانکۆکانیاندا، کەچی ئەوە ماوەی شەش مانگی تەواوە موعامەلاتی ئەو خوێندکارانە لە نێوانی وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیراندا بووە بە قولەی قاف و بە کەسوکاری ئەو خوێندکارانە ناگیرێ. یەکێك لەوخوێندکارانە کە ناوی کاك عەلییە و لە بواری (کوالیتی چێك) ماستەر دەخوێنێ، کە لە هەموو کوردستاندا یەك فەرمانگەی کوالیتی چێك نییە بۆ چێککردنی ئەو خواردەمەنی و دەرمانانەی کە دێنە هەرێمەوە، بەسەر نەبوونی خاوەن بڕوانامەی موعتەبەر لە بواری کوالیتی چێکدا، کەچی وەزارەتی تەندروستی وەك ئەوەی لەسەر سنوورەکانی کوردستان سەدان فەرمانگەی دانابێت بۆ چێککردنی ئەو شتانەی کە دێنە کوردستانەوە، ئەوە ماوەی شەش مانگە موعامەلاتی ئەو کاك عەلییە لە وەزارەتی تەندروستییە لە هەولێر و پیاوێکی خەمخۆری تێدا نییە، بڵێت ئەرێ ئەو کاروبارە بۆ تەواو نابێت؟

نازانم کاك عەلی و هاوڕێکانی چۆن ئارەزووی ئەوەیان لا دروست ببێت بێنەوە و بچنە ژێر چادری وەزارەتێکی تەندروستی ئاوا کار بکەن، و خەڵکی کوردستان لە هاتنەناوەوەی خواردەمەنی ئێکسپایەر و دەرمانی خراپ و کەلوپەلی پزیشکی ناپزیشکی بپارێزن؟! بەراستی وەزارەتی تەندروستی بە تەنگی تەندروستی خەڵکەوەیە!

ئەوەی کە تەواو بێزارم دەکات ئەوەیە، بەڕێز وەزیری تەندروستی لە ئەوروپاوە هاتۆتەوە و گرنگی بوونی ئەو خاوەن بڕوانامانە بۆ وەزارەتەکەی دەزانێ، دەزانێ کە لە وەزارەتەکەیدا یەك فەرمانگە نییە ناوی فەرمانگەی کوالیتی چێك بێت! دەزانێ لە هەموو سنوورەکانەوە بە سەدان جۆر دەرمان و خواردەمەنی چێك نەکراو دەڕژێتە ئەو هەرێمەوە کە بەڕێزی وەزیری تەندروستییەتی، بۆ خەمی ناخوات، تێناگەم؟!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرێز وەزیری تەندروستی: وەك خوێندمانەوە، بە دەفتەر دۆلار رژا بۆت تا کەلوپەلی ناومالّەکەت بکڕی، بە دەفتەر دۆلار دانرا تا بەڕێزتان بێ کارەبا نەبن و مەزاجتان تێك نەچێ و بیری ئەوروپا نەکەیتەوە و هەڕەشەی گەڕانەوە نەکەیت! مووچەکەت هەر هیچ نەبێت چەند ملیۆن دینارێکە، دلّنیام خواردەمەنی ئیکسپایەریش ناگاتە سەر خوانی ئێوەی بەڕێز و ئاوی خواردنەوەکەشت حەیاتی تورکی دلّۆپێنرا و پاکە، نوێترین ترۆمبێلی ئەم زەمانەیت بۆ دابین کراوە. . . . هتد، بۆ واژۆیەکی تۆی بەڕێز (شەش) مانگی دەوێت؟ من خاوەنی هەموو ئەو ئیمتیازاتانە بم، شەرم دەکەم گەر ئەو شوێنەی بەرێوەی دەبەم ئاوا سست و بێ خەم بێت. سەرم هەلّدەگرم گەر بهێلّم دەرمانێکی ئێکسپایەر بە گەرووی هاولاتییەکی هەرێمەکەمدا بچێتە خوارێ، گەر ئەو ئیمتیازانەی بەڕێزتم هەبێت، لە باتی وەزارەتێك حکومەتێك بەڕێوە دەبەم. گەر ئەو ئیمتیازانەی بەڕێزتم هەبێت وەزارەتی تەندروستی دەکەم بە وەزارەتی تەندروستی لە پێناو خەلّکدا. گەر ئەو ئیمتیازانەی بەڕێزتم هەبێت. . . گەر ئەو ئیمتیازانەی. . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.